## گوڵستان پەروەر بۆ گوڵان:

# من و شڤان پەروەر تەواوکەری یەکترین



**■ یەکێکە لەو ئافرەتە هونەرمەند و شۆڕشگێڕانەی کە بەهونەرەکەی لەپاڵ شڤان پەروەری هاوسەری خزمەتێکی زۆریان بەهونەری کوردی کردووە، لەڕۆژە سەختەکانی خەباتی شاخ و چەکداری هەمیشە سروودەکانیان ورە و توانایەکی زۆرتریان بەپێشمەرگەکان دەبەخشی، لەلایەکی دیکەشەوە پرسی ئافرەت بەشێکی زۆری هونەری گوڵستانی داگیر کردووە، گوڵستان دوای چەندین ساڵ ژیانی غوربەت و ئاوارەیی و دوورە وڵاتی بڕیاریدا بگەڕێتەوە کوردستانی**

دیمانە/ خەلیل بلەیی

بێگومان پێکەوە ژیانی دوو هونەرمەندی بەتوانا لەیەك ماڵدا جا خوشك و برا یان باوك و کوڕ یان کچ یان هاوسەر بن دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر یەکتری هەبێت، دەربارەی کاریگەری شڤان پەروەر لەسەر گوڵستان و بەپێچەوانەوە، ئەم خاتوونە هونەرمەندە پێیوایە کە هاوسەرەکەی لەهەموو لایەنێکی ژیانەوە کاریگەری لەسەر ئەو هەبووە بەتایبەتی لەلایەنی هونەرییەوە، چونکە ئەگەر شڤان پەروەر کەسێکی پێشکەوتووخواز و وشیار نەبوایە لەبەرامبەر ڕێز گرتن لەمافی ئافرەت و پێی گوتبام لەماڵەوە دانیشە کاری تۆ تەنیا چێشتلێنان و پەروەردەکردنی منداڵە، ئەو ناوبانگەی ئێستام نەدەبوو و کەسیش پێی نەدەزانیم و نەمدەتوانی بەو بەهرەیەی کە خوای مەزن پێی بەخشیوم لەڕێگای هونەرەکەمەوە خزمەت بەگەل و نەتەوەکەم بکەم، منیش وەك زۆربەی ئافرەتانی کورد ناچار دەبووم لەقسەکەی ئەو دەرنەچم، بەڵام شڤان بەپێچەوانە بوو ویستی منیش شان بەشانی خۆی لەبواری هونەریدا خزمەت بەگەلەکەم بکەم و زۆر زۆریش هاوکاری کردم بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەنجامدانی کاری هونەری.

گوڵستان ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەڕای هاندانی بەردەوامی شڤان پەروەر لێی و کاریگەری بەسەریەوە لەهەمان کاتدا ئەویش ڕۆڵی هەبووە لەژیانی هونەری هاوسەرەکەیدا و خۆی بە وزەبەخش و هاندەری دەزانێت و دەڵێت: لەژیانی هەر پیاوێکدا ئافرەتێك هەیە کە هۆکاری سەرکەوتنەکانیەتی لەژیاندا، پێویستە شڤان پەروەر وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام بەبێگومان دەڵێم منیش ڕۆڵم هەبووە لەژیانی هونەری ئەودا و هەمیشە پاڵپشت و هاندەری ئەو بووم بە جۆرێك دەتوانم بڵێم هەردووکمان تەواوکەری یەکترین لەژیانی ئاسایی و ژیانی هونەریدا، گوڵستان هەروەها دەڵێ: لەماڵەوەش شڤان زۆربەی کاتی خۆی بەهونەرەوە بەسەر دەبات تەنانەت گفتوگۆ و قسەکردنیشی هەر سەبارەت بەهونەری کوردی و چۆنیەتی پێشخستنی و ئەو کارە نوێیانەی کە پێشکەش دەکرێن، یان باسی هونەرمەندە نەمرەکان و بەرهەمەکانیان دەکات، هەروها باس لەهونەرمەندە لاوەکان و چۆنیەتی هاوکاری کردن و پاڵپشتی کردنیان دەکات بۆ ئەوەی بتوانن لەدوارۆژدا خزمەت بەهونەری کوردی بکەن، منیش زۆر جار ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ دەوروژێنم، بەڵام لەهەمان کاتدا هەندێك لەکاروباری ماڵەوەش ئەنجام دەدەم.

گوڵستان پەروەر پێیوایە هەر هونەرمەندێك وشیاری و زانیاری تەواوی دەربارەی مێژووی هونەری ڕەسەنی نەتەوەکەی نەبێت هونەرمەند نییە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەوەی لەمێژووی هونەری میللەتەکەی شارەزا نەبێت و گۆرانی بڵێت وەك کەسێك وایە کە هیچ زانیاری دەربارەی مێژوو و کلتووری نەتەوەکەی نەبێت و هەر کەسێك گۆرانی بڵێ و زانیاری دەربارەی فۆلکلۆر و کەلتووری نەتەوەکەی نەبێت و نەتوانێت گۆرانی فۆلکلۆری بڵێت، ئەوا واز لەگۆرانی وتن و هونەر بهێنێت زۆر زۆر باشترە، چونکە ناتوانێت پێشکەوێت و هونەری میللەتەکەشی دەشێوێنێت.

ئەو خانمە هونەرمەندە پێی ئاساییە ئەگەر ئێستا کەسێك گۆرانییەکی کۆنی خۆی کە بەر لە٣٠ یان ٢٠ ساڵ گوتویەتی، دووبارە بیڵێتەوە لەهەمان کاتدا هاوکاری و پشتوانیشی

**هەرهونەرمەندێک لەفۆلکلۆری میللەتەکەی شارەزا نەبێت، هونەرمەند نییە**






**ئازاد و ماوەی زیاتر لەدوو ساڵ دەبێت لەدهۆك نیشتەجێیە، لەئاهەنگی کردنەوەی کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستان، گوڵستان پەروەر یەكێك بوو لەبەشداربووانی کۆنفرانسەکە و ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەی لەئاهەنگی دەستپێکردنیدا بەگۆرانی و سروودەکانی هێنایە جۆش و خرۆش، لەسەرووبەندی کۆنفرانسەکە گوڵستان لەگفتوگۆیەکدا باسی لەچەند لایەنێکی تایبەتی خۆی و هونەری کوردی کرد.**

لێدەکات ئەگەر گۆرانییەکە بەباشی بڵێت و مافی نەخوات و مۆرکی کوردی بەگۆرانییەکە بهێڵێتەوە و بەڕاشکاوی دەڵێت: پڕ بەدڵ حەز دەکەم کەسێك گۆرانییەکی من باشتر لەمن بڵێتەوە، زۆر زۆر خۆشحاڵ دەبم و شانازیشی پێوە دەکەم.

سەرەڕای ئەوەی کە گوڵستان یەکێکە لەهونەرمەندە دەنگخۆش و بەتواناکان، کەچی ماوەی زیاتر لەدە ساڵ دەبێت تا ئێستا هیچ کار و بەرهەمێکی نوێی بڵاو نەکردۆتەوە هەرچەندە بەشداری زۆر لەکۆنسێرت و ئاهەنگەکان دەکات، بەڵام هەموو ئەو گۆرانیانەی کە لەئاهەنگەکاندا پێشکەشی دەکات یان گۆرانییە کۆنەکانیەتی یان گۆرانی فۆلکلۆرن، لەم بارەیەوە گوڵستان دەڵێ: ماوەی دە ساڵ دەبێت هیچ بەرهەمێکی نوێم نەبووە، بەو مانایە کە بڵاوم نەکردۆتەوە، ماوەی زیاتر لەدوو ساڵە لەکوردستان نیشتەجێم، ئێستا ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی نوێم هەیە کە ئامادەن بۆ بڵاوکردنەوە، بەڕاشکاوانە دەڵێم ئێستا هەگبەم پڕە لەبەرهەمی نوێ و دەتوانم بڵێم ئێستا چوار بەرهەمی هونەری ئامادەم هەیە بۆ بڵاوکردنەوە، هیوادارم ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ بتوانم ئەو بەرهەمانە بڵاو بکەمەوە، بۆ زانیاریشتان ئێستا دوو سروودم ئامادەیە یەکێکیان تایبەت بە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ئافرەتێکی کورد کە لەشەوی بۆکینیدا هاوسەرەکەی ئەنفال دەکرێت، ئەوی تریشیان سروودێکی تایبەتە بەئافرەتی کورد کە دوای ئەم کۆنفرانسە کار دەکەم لەسەر تەواو کردنی.

# شاهرووخان لەسەر جگەرە دادگایی دەکرێت

لەبەر ئەوەی خـۆی بۆ نەگیرا و بەردەوام بوو لەکێشـانی جگەرە، لەشوێنێکی گشـتی هیندستان شاهروخانی ئەکتەری ناوداری بۆلیوۆد دەستبەسەر کرا.



لەم بارەیەوەی ڕۆژنامەی(تایمز ئۆف ئیندیا) ئاشکرای کـرد لەکاتی ئامادەبوونی بۆ بینینی یارییەکی کریکێت لەیاریگایەکـدا کە کێشـانی جگەرەی تێـدا قەدەغەیە بەردەوام بوو لەسەر جگەرەکێشان ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەستبەسەر بکرێ، لەلایەن خۆیەوە شاهروخان لەدادگا دانی بە(تاوانە) کەی دانا و داوای لێبوردن و لێخۆشـبوونی کرد بۆ ئەوەی بەکەفالەت ئازاد بکرێت، ڕۆژنامەکە ئەوەشـی ڕاگەیاند لەمانگی ڕابردوو شـاهروخان بانگێشـت کرابوو بۆ ئەوەی لەبـەردەم دادگا ئامادە بێت و هەرچەنـدە پارێزەرەکەی داوای کرد کە دادگا لێـی خۆش بێت، بـەڵام دادگا داواکەی ڕەتکردەوە، دەربارەی ئەم کێشەیە شـاهروخان ڕایگەیاند کە ئەم کێشـەیە بچووکە و پێویسـت ناکات گەورە بکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر ناوبانگی هونـەری خۆی، چونکە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەناوەوە و دەرەوەی هیندستان.

# یاراش جوانـــــ

یارا یەکێکـە لەخانمە هونەرمەنـدە لوبنانییە بەتوانـاکان و جگـە لـەزاراوەی لوبنانـی ئەوا بـەزاراوەی کەنداویش گۆرانی دەڵـێ، هەروەها ئـەوەی زیاتر لای جەماوەر خۆشەویسـت کردووە شێوەی دەرکەوتنی یارایە.

کۆمپانیـای «لۆکـس» بـۆ کەلوپەلەکانی جوانکاری و مکیاژ سـوودی لەیارا وەرگرتووە و وێنەی لەسـەر کەلوپەلەکانی خۆی داناوە، بەڵام سـەرەڕای ئەمە یـاراش لەنەشـتەرگەرییەکانی جوانکاری بێبـەش نەبوو، چونکە ئەگەر بەوردی لەڕووخسـاری یارا بڕوانن و بـەراوردی بکەین لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی کە بەر لەچەند سـاڵێك بوو هەست بەوە دەکات کە نەشتەرگەریی جوانکاری ئەنجامـداوە لەهەندێـك شـوێنی دەموچاویدا، هەرچەندە ئێستاش جوانی یارا زۆر لەسروشتییەوە نزیکەوە و بەو شێوەیە دەرناکەوێت کە نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجامدابێـت، بەڵام خۆی دانی بەوە نا کە نەشـتەرگەری جوانـکاری ئەنجامداوە و دەڵێ: بەڵێ من نەشتەرگەیم ئەنجامداوە لەهەندێك شـوێنی دەموچاومدا بەتایبەتـی لەدەم و ددان و

# بـاردۆ هەڕەشە لەبەرازیل دەکات



خانمە ئەکتەری فەرەنسـی بریجێت باردۆ داوا لە دیلمی ڕۆسـیفی سەرۆکی بەرازیل دەکات ڕاددەیەك بۆ کوشتنی گوێدرێژ دابنێت کـە لەوڵاتی بەرازیل لەناودەبرێن کە باردۆ بەقڕکردن ناوی بردووە.

بـاردۆ لەنامەیەکدا بۆ سـەرۆکی بەرازیل دەڵێ: من کە هەمیشـە بەرازیلم خۆشویسـتووە، تووشی شۆك بـووم کاتێك دەبینم ئەم وڵاتـە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتی چین دەکات و سـاڵانە ٣٠٠ هەزار گوێدرێژ لەناو دەبـەن دوای ئەوەی ماوەیەك پەروەردەی دەکەن تا گەورە دەبن و دواتر لەپیشەسـازییە خۆراکییەکان و جوانکاریـدا بەکاری دەهێنـن، لەکاتێکدا پێویسـتە وازیان لێ بهێنرێـت، بریجێت هەروەها لەنامەکەیدا بەڕۆسـیف دەڵێ: وەك ئافرەتێك و سەرۆکێك و وەك مرۆڤێك ناتوانـی چیتر ئەم کارە وەحشـیگەرانە قبوڵ بکـەی، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە و وێنەی بەرازیل دەشێوێنێت، من زۆر تورەم و دڵتەنگم لەبێدەنـگ بوونت بەرامبەر بەو کارە، ئەگەر هەڵوێستت نەبێت، ئەوا لەسەر ئاسـتی جیهانی ئەم ئابڕوو بردنە بڵاو دەکەمەوە ئەمـەش کاریگەرییەکی سلبی دەکاتە سـەر ناوبانگی بەرازیل.

## ...کاری کردووه

لووت، بەڵام ئەو نەشتەگەرییە بەشێوەیەکی گەورە نەبووە، هەروەها هەوڵ دەدەم کێشی لەشم دابەزێنم بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام وەرزش ئەنجام دەدەم و بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی خواردن پەیڕەو دەکەم بۆ ئەوەی کێشم زیاد نەکات و سروشتی بێت.



## نیکۆل تەنازولی کردووە

ئەستێرەی سینەمایی جیهانی نیکۆل کیدمان ڕایگەیاند کە وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی خۆی بۆ لی دانییلزی دەرهێنەری ناردبوو بۆئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی پێ بسپێرێت لەیەکێك لەفیلمەکانی و لەکۆتاییشدا زۆر سەرکەوتوو بوو لەبینینی ئەو ڕۆڵە.

نیکۆل کیدمان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەسەرووبەندی فیستیڤاڵی (کان)دا وتی: دانییلز ڕازی نەبوو کە ڕۆڵی پێ بدات لەو فیلمەی کە ڕکابەرێتی دەکات بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی زێڕێنی فیستیڤاڵەکە، چونکە بودجەکەی کەم بوو و منیش لەفیلمە بەرزەکانی ڕاهاتووم، کیدمان لەدرێژەی قسەکانیدا وتی: من سوور بووم لەسەر ئەوەی ڕۆڵم هەبێت لەفیلمەکەدا و ڕۆڵەکەش باس لەئافرەتێك دەکات کە چەندین پێوەندی جیاجیای هەیە و چەند گرتەیەکی سەرنجڕاکێشیشی تێدایە، بۆیە چووم چەند وێنەیەکی سەرنجڕاکێش و وروژێنەر تەنانەت هەندێك وێنەی ڕووتی خۆم بۆ دەرهێنەر نارد، وەڵامەکەشی ئیجابی بوو و ڕۆڵەکەی پێ سپاردم منیش سەلماندم کە هەڵبژاردنەکەی لەجێی خۆی بوو و زۆر بەباشی ڕۆڵەکەم بینی.




## پەیجی سیلینا هاک دەکرێت



کەسێکی بەریتانی دوای هەوڵێکی زۆر توانیی پەیجی تایبەتی کچە گۆرانیبێژ سیلینا گۆمێز هاك بکات و بچێتە نێو نهێنییەکانییەوە لەهەمان کاتدا هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانیشی لێکرد.

ئەو کەسەی پەیجەکەی هاك کرد، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی چاتی نێوان سیلینا و جاستین بیبری خۆشەویستەکەی کرد، هەروەها ویستویەتی پێوەندی خۆشەویستی نێوانیان تێك بدات و بەناوی سیلینا لەسەر پەیجەکەی نووسیبوو(جاستین کەسێکی بێ ڕێزە) ئەم هەوڵەشەی لەبەر ئەوە بووە کە ماوەیەکە گرنگییەکی زۆر بەپێوەندی خۆشەویستی نێوان ئەم دوو گۆرانیبێژە لاوە دەدرێت لەمیدیاکان لەسەرتاسەری جیهان، بەڵام ماڵپەری (وین) ڕایگەیاند نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی و پۆلیسی بەریتانی توانییان پیاوەکە دەستگیر بکەن و دوای دادگایی کردنی، دادگا بڕیاریدا بۆ ماوەی یەك ساڵ زیندانی بکرێت و دادوەر پێی ڕاگەیاندبوو کە پێویستە ڕێز لەژیانی تایبەتی خەڵك بگیرێت نەك نامە تایبەتییەکانی نێوان دوو خۆشەویست بڵاوبکرێنەوە.

# لەچیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە هونەرێکی عاشق بە ئازادی پێگەیشت



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

ئەو سروشتە دلگیرەی چڕە بە دارستان و دۆڵ و چیاو ڕەزوو باخی ڕازاوەوە، پڕێتی لەخەڵکی چاکیش، ئەو خەڵکەی لەدێر زەمانەوە ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەریان لەبونیاتنانی مرۆڤ و دامەزراندنی تواناو پێکهاتنی چێژی هونەری و ئەفراندنی مرۆڤانەدا هەبووە، هەروەها کارلێکی بەردەوامیان لەگەڵ سروشت و پرۆسێسی بەرهەمەکانیدا هەیە، ئەوەش بەهەموو جۆرایەتی لە گوڵزار و هەمە چەشنێتی لە ڕەنگ و بۆنەخۆشەکانی پێگەی کوردستان کە دڵ پێی دەگەشێتەوەو عەقڵ پێی دەبزوێت و بزاف وجموجوڵ دەخاتە سەر زەوی، لەئامێزی ئەم سروشتە پاکیزەیەوە چەندین شاعیرو ئەدیب و هونەرمەندی سەرکەش سەریان هەڵداوە کە بە ڕازاوەییەکەی کاریگەربوون و ڕۆڵیان لەبەرجەستەکردنەوەی ئەوین و ئولفەت و ستاتیکاکەیدا بینیوە، گۆرانییان بۆ جوانی سروشت و ژیان و ئافرەتانی چڕیوەو هەر شیعرێکیان هۆنیبێتەوە یا هەر هەقایەتێکیان نووسیبێت، بەداهێنانەوە خستویانەتە ڕوو، چونکە ئەم خەڵکە پەیوەست و وابەستەی داستانە دێرینە بۆماوەکانی ناو میتۆلۆژیای میللی کوردستانین، بە بونیادی کۆنسێپتەکانی چیرۆك و تابلۆ شێوەکارییە جوانەکانیانەوە ماونەتەوە کە کاردانەوەی ژیانی میللیی کوردەواری و ئاوات و ئازارەکانی خۆیانە، هەروەها بەهونەرو ئەدەب و فۆلکلۆریانەوە کە ڕەنگدانەوەی خەباتی درێژخایەنی ئەمەکدارانەی نەتەوەییانەو بەنەمری لە تەکیدا ژیاون، هەر وەك نەمرێتی شەهیدەکانیان کە لەپێناوی ئازادی نیشتمان و مافی چارەی خۆنووسیندا، بەخوێنی پاکیانەوە خاکە پیرۆزەکەیان ئاودێراوە.

لەسەر وەختانی نیشتەجێبوونمدا لەهەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها لە کاتەکانی دەربەدەربوونمدا لە دەرەوەی عێراقیشەوە، داهێنەرانێکی زۆری ئەم گەلە ستەمدیدەیەم ناسیوە، لەهەموو بوارەکانی ئەفراندنی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا بە کەسانێك ئاشنا بووم.کە بە داهێنەرانە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەرهەمی فیکرو ئەفراندنیان، کاردانەوەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردو ژیان و خەبات و چارەنووسی داهاتووی کوردستان بووە، ڕاستەوخۆ کاتێ لە زیندانی بەعقووبەدا دەستبەسەربووم، هەردوو شاعیری پایەبڵند بێکەس و گۆرانم ناسیوە، هەروەها کاتێ لە ناوبزاڤی هاوڕێ ئەنسارەکانمدا بووم لەچیاکانی کوردستانی عێراقدا ڕەفیق سابیر و شاخەوان و زۆر لە هونەرمەندانی تری کوردم ناسیوە، لەوانە فەهمی باڵایی و عەدنان شینۆ، هەروەها لەبەرلینیش پێش ٣٠ ساڵێك لەمەوبەر دەرفەتم بۆ هەڵکەوت تا لەنزیکەوە ئەم پەیکەرسازو نیگارکێشە کە بە شینۆ بەناوبانگە زیاتر بناسم، ئەوەبوو لەیەکێك لە پێشانگا تایبەتیەکانیدا کە لەساڵی ٢٠٠٨ کە لەبەرلین بۆی سازکرابوو، ئامادەبووم، بە خامەکەم ئەم پەڕەگرافەی خوارەوەم بۆ شینۆ نووسی:

((بەهارمۆنیك و ڕەنگی دڵگیر سەرسامت کردم، تابلۆکانت بە گەلێ ئاقارو ئاڕاستەی جیاوازدا گوزارشتن لەسروشتی کوردستان، بە وەشاندنی فڵچە بەهێزەکانی دەستتەوە هەڵوەدا بووم، کە لەبەهێزی وەشاندنیاندا نەرمایی ڕۆحت و خەیاڵی بەپیت و فەڕی پڕ لە فیکری زیندووت دەبینم، لە سەمتی کارەکانتدا فیکرێك بەدەوری مرۆڤ و ژیان و مردن و نەمری دا دەخولێتەوە، گەر پۆلاندنێکی خێرا بە ناو تابلۆکانت بکەم دەڵێم تۆی نیگارساز ناخی مرۆڤ دەگەڕێیت، ئەو مرۆڤەی کە لەنێوان خۆیی و خاکەکەیدا هەمیشە لە هۆگر بوون و ململانێدایە لە پێناوی سەرخۆبوون))

تابلۆکانی شینۆ سێ رەگەزی بنەڕەتی لەخۆگرتبوو:

١- بەهرەو خۆپێگەیاندنی بەردەوام و لێزانی لە پیشەکەیداو شارەزایی لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانیدا، هەروەها سووربوون لەسەر فێربوون و بەخشین، ئامادەسازی بۆ ئاوێزانی فیکرو ڕۆشنبیری لەنێوان بەوتەقەی فیکرو کەلتووری هونەری شێوەکاری دا.

٢- بیرەوەرییە قووڵ و ڕوئیا و سۆزە داهێنەرانەکەی ئەم هونەرمەندە تەرخانە بۆ ئەو خاکەی کە تێیدا لەدایکبووە، یان بۆ ئەو سروشتەی کە بەشێکە لە ناخی خۆی، یا بۆ ئەو خەڵکەی کە لەناویاندا پەروەردە بووە، یان بۆ ئەو خەیاڵە بەپیتەی کە بەهۆی گوندو دۆڵ و شاخ و رووبارو ئاسمانی شینی کوردستان و ئەستێرە بەبریقەکانیی و خۆرە هەردەم گەشاوەکەیەوە دروست دەبێت.

٣- خەم و ئازاری گەلی کوردو ئاوات و خەبات و مێژووی دوورو درێژی پڕ لە زریان و میحنەت و قوربانی و شکست و سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان و، کێشەی ئەزەلی نێوان مەرگ و کەڵکەڵەی نەمریی، لە بونیادی واتایی هەمەکیدا کۆمەڵە ڕەگەزێکی تری داڕشتنن بۆ تابلۆکانی.

ئەوەشمان لەبیرنەچێت، ڕەگەزی ئافرەت ڕۆڵێکی کارای هەیە لەبونیاتی هەمەکی پەیکەرو تابلۆ زەیتی و ئاوییەکانی ئەم هونەرمەندەدا، کە وەك ڕەمزی پیت و بەرەکەت و هێمایەك بۆ بەردەوامێتی ژیان بەرجەستەی دەکاتەوەو وێڕای سۆزی پڕ لە خۆشەویستی ئافرەت بۆ باوك و کوڕو براو مێردو سەرجەم مرۆڤایەتی بەگشتی کە لە ئەزەلەوە ئەم ڕەگەزە هەیەتی.

هەموو ئەمانە هێماو کۆدو شیفرەن و لەتابلۆکانیدا رەنگیان داوەتەوە، بەتایبەتیش لە کلێشەی تابلۆ قەشەنگەیدا کەباس لەتراژیدیای جینۆسایدی هەڵەبجە دەکات، بەرجەستەبوونەوەی هەموو ئەو کارەسات و جینۆسایدەیەو هەروەها ڕەنگدانەوەی پرۆسەکانی بەدناوی ئەنفالە کە لە مێژووی هاوچەرخدا بەسەر مرۆڤی کورددا هاتوون و، زیانەکەی لەکۆرپەیەکەوە تا گەنجێك و پیرەمێردێك و ئافرەتێکی دووگیان و هەمووان بێبەش نەبوون لێی، لەم مەرگەساتەی کە وێنەی لە مێژوودا کەمە، ئازارەکانی خۆی دەسەپێنێ بەسەر کارکردنی هونەرمەنداو لەلایەکی ترەوە رەگەزپەرستی و فاشیەتی رژێمی خوێنڕێژی پێشوو کە لەبێ ویژدانیدا ئەویش وێنەی وەك خۆی نەبووەو چەکی کیمیاوی دژ بەگەلی کوردستان بەکارهێناوە، واتای ئەوەیش لە تابلۆکانیدا بەدی دەکەین. لەتابلۆکانی شینۆدا ململانێ و جیاوازی هەیە، بانگهێشتکردن بۆ خۆشەویستی و

**هونەرو ئەدەب و فۆلکلۆری خەڵکی کوردستان ڕەنگدانەوەی خەباتی درێژخایەنی نەتەوەییانەو بەنەمری لە تەکیدا ژیاون، هەر وەک نەمرێتی شەهیدەکانیان کە لە پێناوی ئازادی نیشتمان و مافی چارەی خۆنووسیندا گیانیان بەخت کرد..**

دوور کەوتنەوە لە ڕق و کینەو دژایەتی کردنی جەنگ و لە لای تریشەوە شۆڕش لەپێناوی ئاشتی و دادپەروەریدا هەبوونیان هەیە، دژایەتی کردنی هەژاری و خەبات لەپێناوی یەکسانی مرۆڤدا بەرجەستەن، لەتابلۆکانیدا مرۆڤ گەوهەری ژیانە، لەم شەشساڵەی پێشوودا عەدنان خۆی تەرخانکرد بۆ دروست کردنی شاکارێکی نەحتی بەناوبانگ بەناوی پانۆرامای ئازادییەوە، رەمزو گوزارشتی راستگۆیانەی خەباتی گەلی کورد لەهەرێمی کوردستان لەم پەیکەرەشیدا قاڵ کراوەتەوە، لەو بارەیەوە تەمەر ڕەمەزانی پارێزگاری دهۆك ڕازی بووە تا ئەو پڕۆژەیە لەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی شاری دهۆك و لەناوەندی شارەکەدا لەپارکێکدا دابمەزرێت و تا رەونەقێکی شارستانی بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەم گەلەو قوربانیەکانی لە پێناوی مافی چارەنووسدا ببەخشێت، نەك ئەو فیدراڵیەتەی مافێکی بێ بەهایە لەئاست قوربانیەکانی گەلی کوردستاندا، ئەمڕۆ ئەم هونەرمەندە مۆنۆمێنتی (دایك)ی لەشاری دهۆك تەواوکردووە، کە هیچی کەمتر نییە لەپانۆرامای ئازادی، ئومێد وایە لە گۆڕەپانێکی شارێکی کوردستانیدا دایبمەزرێنێت، بەم شاکارەی کە گوزارشتە لەخۆشەویستی و ڕێزی گەورەی بۆ ئافرەتانی کوردستانی بەتایبەتی و رەگەزی مێ بەگشتی، ئومێد دەکەم بودجەیەکی باش بۆ ئەم کارە مەزنەی لەپارکێکی گەورەی شاری هەولێردا تەرخان بکرێت، بەو حیسابەی پایتەختی هەرێمێکی نیشتمانی شینۆیە.

داهێنەرو هونەرمەندی ناودار(مونیر عوبەیدی) ئەم پەرەگرافەی لەسەر شاکارەکانی هونەرمەند عەدنان شینۆ نووسیوە:

سیستمی پێکهاتەکانی لەبونیادێکی هونەری پتەودا لە پاڵیەکدان، بەئەنقەستەوە کوتلەی سەرەکی بارز دەکات بەوەش چەقی قورسایی تابلۆکانی دەردەخەن، باکگراوەندێکی ئارام و هێمنیان هەیە، دەروازەیکی بۆ بیرەوەرییەکانی لەخۆ گرتووە تا فەرامۆش نەبن، هەر لەبیرەوەری شوێنی لەدایکبوونی و لاوێتییەوە کە لەکوردستانی ئەفسونگەرادا رەنگەکانی شەپۆل دەدات و میلۆدییەك پێکەوەیان گرێدەداتەوە، لەوەشدا بە ئاگاییەوە تێیدا رەنگەکانی جلوبەرگی کوردی و فۆلکلۆری و کەلتوورەکەی نیشتمان دادەڕێژێت، وێڕای ئەو ساڵە زۆرانەی لەتاراوگەدا بردویەتییە سەر، کەچی هەر شینۆ پابەندە بەنیشتمانەکەیەوە، ئەمەش نۆستالۆژیای شوێن و زەمەنکاتە، ئەم لۆکاڵێتیە باشترین ڕێگایە بۆ گلۆباڵی، هەروەها دەڵێت :ئەم سۆزە بۆ ڕابردوو یا بۆ شوێنی بەجێهێڵدراو، لە لای عەدنان شینۆوە زۆر دەروازەی نهێنی دەکاتەوە، تا بە شێوازو تەکنیکی خودی کارەکانیەوە دەگاتە گوزارشتێکی تاکگەراییانەی وا کە هونەرمەند هەست بە بوون و پێداویستی جیددی ئەو پەیوەتیەی بکات بۆ ڕابردوو. ڕابردوو ڕووبارێکی بەلرفەو بەشەپۆلەو لە ژێر زەوییەوە هەڵدەقوڵێت.

ڕووبارێکی هەژێنی ژێر زەوییەو تەموموژی بیرەوەرییەکانی پێشینی پێ ڕۆشن دەکاتەوە، کە لەژێرناوی نۆستالۆژیایە، هەر لەو بارەشەوە نووسیوێتی: نۆستالۆژیا بەنزین و سووتەمەنی و داینەمۆی زۆربەی هونەرمەندو نووسەرانی جیهانیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ڕەگەوە دەرهاتوون و کەوتونەتە تاراوگەوەو وەك عەدنان شینۆن کە لەهەمان خاڵی دەرچوونەوە بۆ هەمان ئەنجامی ئۆتۆماتیکی کە لێی دەرچوون دەگەڕێنەوە، هەندێك جۆری نۆستالۆژیا ڕێگا گومکارو غافلگیرن و فرتوفێڵاوییانە پاڵ بەمرۆڤی هونەرمەندەوە دەنێن بەنج بن و بەدوای خەونێکی خاوکارانە یان داهێنەرانەدا کە سۆز وەردەگیرێت بۆ توانایەکی ئەفرێنراوی بەرهەمهێن بگەڕێن، وەك لای شینۆ کە لە ڕێگای خودێکی ئینتقائی ناسك و هەستەوەرو ئاڵۆزەوە وێنەی شوێنێکی دوور دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێستا، غوربەت گڕوتینی هەڵچوونەکانی بیرو هزریی شینۆی پێ ناکوژێتەوە، بەڵکو هەمیشە بەرامبەر ڕەگەزەکانی جوانکاری لۆکاڵییانە کە لەناخەوەی بیرەوەرییەکانیدا ڕوواوە، تین و تاوی زیاتری پێ دەدات، وەك چۆن تاراوگە نەیتوانیوە بابەتە هەژێنەکان لە عەدنان شینۆ بدزێت، غوربەت تا ئەم ساتەوەختەش نەیتوانیوە شینۆ لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی نیشتمانەکەی بدزێتەوە، هەمان ئەو ڕەنگ و بۆی سروشتە ڕازاوەیە لە ناو پێکهاتەی ڕەنگەکانیدایە، ئەگەرچی ناوەڕۆکی بابەتەکانیشی لەو جیاوازبن(( تەماشای ـ الحوار المتمدن ـ مونیر عوبێدی بکە لە ژمارە ١٢٥٠ کە ٢٠٠٥/٧/٦ بڵاوکراوەتەوەو لەوێدا ڕاڤەو شیکاری تابلۆکانی ئەم نیگارکێشەی کردووە))

لەو تابلۆ شێوەکارییانەی کە عەدنان شینۆ دایاندەهێنی بوار بە خەیاڵی بینەر دراوە لە فەزایەکی فراواندا بکەوێتە مەلەکردن، کلێشەکانی بە قەشەنگی و هەمەجۆریی و تاکڕەهەندانە لە یەك کاتدا خۆ بە دیار دەخەن، زۆر هەست و مانای باڵای نەبیلانەی لێ وەردەگیرێت، چ بەهۆی ڕەنگەکانیەوە کە بە شێوەیەك بەکاریان دەهێنێت فۆرم و ناوەڕۆك ئاوێزانی یەکتر دەکات، چ بەو شێوازەی کە بوونێکی ناوەکییانە بە بینراو دەدات و جارێك دەیخاتە خۆشنوودییەکی وەهاوە کە ئاشتی و ئارامی و سۆزی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت جاریش هەیە بینەر تورە دەکات لە بەرانبەر ئەو جەنگ و ماڵوێرانی و گۆڕە بە کۆمەڵانەو ئەو هەموو ئەشکەنجەو ماف لەوتاندن و تاوانە گەورانەی لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی ئەنجام دراون، یان ئەو تاوانانەی بە ناوی ئەنفالەوە دژ بە مرۆڤایەتی کراون و لە گوندەکانی هەرێمی کوردستان قەوماون، تابلۆکانی گوزارشتن لە هەست و سۆزی مرۆڤانەو لە ساتەوەختەکانی هەڵچوونی مرۆڤ بەرانبەر واقیع و ڕووداوگەلێك کە بەسەر فڵچەو لە هەستە ناسکەکانیەوە تۆمارن.

ئەم تابلۆیانە باڵیۆزێکی گەڕۆکن و هەڵگری مۆرك و واتاکانی ئازادی و ئاشتی و هاوڕێیەتی بەرجەستەکراون کە گەلی کورد لە ناو گەلانی دنیادا بەم مۆرك و واتایانەوە ناسراون ئەمەش باشترین باڵیۆزە بۆ ئەو دۆزانەی کە لە کانگای دلێ خەڵکیدا نگین بوون.

**بەرلین ئاياری ٢٠١٢**

***هونەرمەندی نیگارساز عەدنان شینۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ ی شارۆچکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆکە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو سلێمانی تەواوکردووە، تا ئێستا زیاتر لە ١٥ پێشەنگای تایبەتی بۆ سازکراوە و لە دەیان پێشەنگای هاوبەشی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٥ـ ٢٠١١ بەشدار بووە ئێستاش لە نێوان دهۆك و بەرلین دێت و دەچێت بۆ پەرەپێدانی زیاتری بەهرەکانی.**

**لەچنینی تابلۆکانی شینۆدا ململانێ و جیاوازی هەیە، بانگهێشتکردن بۆ خۆشەویستی و دوور کەوتنەوە لە ڕق و کینەو دژایەتی کردنی جەنگ و لەو لای تریشەوە شۆڕش لە پێناوی ئاشتی و دادپەروەریدا هەبوونیان هەیە**

**غوربەت تا ئەم ساتەوەختەش نەیتوانیوە شینۆ لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کوردستانیەتی بدزێتەوە، هەمان ئەو ڕەنگ و بۆی سروشتە ڕازاوەیە لە ناو پێکهاتەی ڕەنگەکانیدایە، ئەگەرچی ناوەڕۆکی بابەتەکانیشی لەو جیاوازبن**